# وەزارەتی نوێی عێراق و دەوری کورد

یاسین فەقێ سەعی

پاش ڕووخانی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی بەعس و ئازادکردنی گەلانی عێراق لە دێوەزمەی دیکتاتۆر " ئەنجومەنی حوکم" بۆ بەڕێوەبردنی ئەو وڵاتە دامەزرا و لە 25 کەس پێکهات، کە گوایە نوێنەرایەتی پێکهاتە جۆراوجۆرەکانی عێراق دەکەن. لەم نوێنەرایەتیکردنەدا تەنها مێتۆدێک کە ڕەچاوکرا، نە ئینتمای نەتەوەیی، نە ئاینی، نە خەباتی دژەبەعس، نە هێز و میلیشیا و شەهید و شۆڕشگێڕی و. . . هتد بوو، بەڵکو پەنابرا بۆ هەژارترین و بێماناترین مێتۆد (هەرچەندە ناکرێ ناوی مێتۆدیشی لێبنێین) ئەویش دانانی"یەک نوێنەر" بۆ هەر "ملیۆنێک" لە دانیشتوانی عێراق بوو. ژمارەی دانیشتوانی عێراق بە 25 ملیۆن مەزەندەکرا بەم شێوەیە:

| | ناو | ژ بە ملیۆن | میتۆدی بەکارهاتوو |
|---|---|---|---|
| 1 | عەرەبی شیعە | 13 | هەم نەتەوەیی و هەم مەزهەبی |
| 2 | عەرەبی سوننە | 5 | هەم نەتەوەیی و هەم مەزهەبی |
| 3 | کورد | 5 | تەنها نەتەوەیی |
| 4 | تورك | 1 | تەنها نەتەوەیی |
| 5 | مەسیحی | 1 | تەنها مەزهەبی |

ئەگەر لەم خشتەیەی سەرەوەووردبینەوە هەر زوو بۆمان ئاشکرا دەبێت کە هیچ سیستەمێکی زانستی بەکارنەهێنراوە و "برایانی شیعە" بە بیانوی زۆریی ژمارەی شیعەوە لە عێراقدا دەستی خۆیان وەشاندووە و هەر مەسەلەیەک ئەوان نەیانەوێ لە مەجلیسی حوکمدا بڕیاری لەسەر نادرێ، ئەمەش نادیموکراسیترین هەنگاوە و پێشێلکردنی ئاشکرای مافی نەتەوەیی و ئاینی پێکهاتەناشیعەییەکانی وڵاتەکەیە، بۆ سەلماندنی ئەم دەرئەنجامەش هێندەبەسە سەرنجێک بدەینەئەو بڕیارانەی مەجلیس دەریکردووە دەرهەق بە ڕۆژی ژنانی عێراق و وەرگرتنی ڕەگەزنامەی عێراقی، ئەمە جگە لەو بڕیارەی بە شەڕەشەق تەنها 13 ئەندام دەنگی دا بۆ دامەزراندنی "وەزارەتی مافی مرۆڤ"، کەئەگەر پرسیارێک لەو 12 ملیۆن عێراقیە بکەین کە نوێنەرەکانیان لەگەڵ دامەزراندنی وەزارەتی ناوبراودانین، دڵنیابن هەر کەسێک بن بە نەعلەکانی " ئەبو تەحسین "ی بەغدادیی لەو مەجلیسەدەریان دەکەن. بەرپرسی یەکەمی ئەم ڕێژەو دابەشبوونەش، بەلایەنی کوردەوە قسە دەکەم، خودی سەرۆکی هەردوو زلهێزەکەی کوردستانن، یەکەم : چونکە ڕازیبوون بە ڕێژەی " لەسەدا بیست" کورد نوێنەری لەو مەجلیسەدا هەبێت، دووەم : چونکە وەک بەڕێز "قادر عەزیز" لە بەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا ئاشکرایکرد، ئەوان (تاڵەبانی و بارزانی) سێنوێنەرەکوردەکەی تریان دیاریکردووە، ئەوانیش وەک پێکهێنانی مەجلیسەکە، هیچ پێوەرێکی زانستی و واقیعییان ڕەچاو نەکردووە و پشتیان کردۆتە کەسە هەرە نزیکەکانی خۆیان چ لەناو پارتەکەیاندا و چ لەناو هێزە کوردستانیە هاوپەیمانەکانیاندا. بۆیە باسی ئەو سێ نوێنەرە کوردە دەکەم چونکە ئەگەر کەسانی خەباتگێڕ و شۆڕشگێڕ بوونایە، هەڵوێستیشیان بوێریی پێوەدیاردەبوو، زۆر مەسەلەیان ڕەتدەکردەوە و خەباتیان بۆ زۆر مەسەلەی چارەنووسسازتر دەکرد، بۆیەناڵێم هەر پێنجیان چونکە لەوانەیە سەرۆکی یەکێتی و پارتی ئەرکی گەورەتریان لە ئەستۆ بێت و وەک زەعیم و ڕەمزی شۆڕشی کورد لە عێراقدا، بۆیان شیاو نەبێت پێ لەسەر هەندێ شت داگرن کە ترسی شەڕ و پێکدادان بخاتە دڵی هەندێ لە ئەندامانی مەجلیسەوە، یان لەبەرئەوەی ئەوان وەک سەرکردە نابێت بە وێنەی محمد بحر العلوم خۆیان بچوکبکەنەوە و

ئەندامێتی خۆیان لە مەجلیسدا ڕاوەستێنن هەتا کوڕەکەی دانەنێن بە وەزیری نەوت. لەدرێژەی ئەو ململانێ شەرمنەی لەناو مەجلیسدا هەیە، ئەندامان زۆر زیاتر لە هەڕەشەکەی بحرالعلوم ترسان نەک لە پێشێلکردنی مافی ژنان و هاووڵاتیبوونی عێراق و کاردانەوەی گەلی کورد. بۆیە لە کۆی 25 وەزارەت "جگەلەوەزارەتی دەرەوە" ئیتر هەموو وەزارەتە بێکارەکان دەدەن بە کورد و لەمەشدا چەندین پرسیار دێتە پێشەوە :

1. ئایا پیشەسازی و کانزاکانی عێراق لەمرۆژەدا چین تا وەزیرە کوردەکەمان کاری بۆ بکات؟ کە سوور دەزانین کۆی پیشەسازی و دەرهێنان و فرۆشتنی کانزاکانی عێراق دەمێکە کۆمپانیا ئەمەریکیەکان کۆنتراکتیان بۆ ئیمزا کردووە؟
2. کێ دەتوانێ لەمڕۆی عێراقدا ئەو مەتەڵە هەڵبێنێ کە وەزارەتی ئەشغالی عامە ئیشی چیە؟ کە سەرجەمی ئەشغالەکان، ئەمەریکا خۆبەخۆ، بەڕێوەی دەبات، ئیتر ئەو خانمە کوردە بۆ ئیحراج دەکەن؟
3. چ کوردێک ڕازی دەبێت سیاسەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێکردنی ئێستای عێراق بە دەستی تورکێکی تۆرانیەوە بێت؟ کە کێشەی سەرەکی ئێمەی کورد (نەک برا شیعەکان) ڕاگواستنی کوردە لەسەر خاکی خۆی بە تایبەتی لە کەرکوک؟

ئێستا لە هەموو کات زیاتر عێراقی عەرەبی پێویستی بە دەرەوە هەیە، ئایا کاک هوشیار وەک کوردێک ویژدانی ئاسودە دەبێ جینۆسایدی نەتەوەکەی لەبیربچێ و کار بۆ سەلماندنی سیاسەتی شۆڤێنیانەی عروبە لە عێراقدا نەکات و وەک نوێنەری عێراق بەشداری کۆبونەوەی وەزیرانی دەرەوەی عەرەب بکات؟ ئایا هەرچیەک لەبارەی تایبەتمەندێتی پێکهاتەی نەتەوەیی عێراق و نەبوون بە ئەندام لە جامیعەی عەرەبیدا بڵێت دەهۆڵی کوردێکی جوداخوازی بۆ لێنادەن؟

بەلژیکا
Yassin. Abdellah@pandora.be